ئەگەر چەکدارانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی "شەهید" نەبن ، ئەدی کێ "شەهیدە"؟

هەژێن

٢٣ی ئازاری ٢٠١٥

سەرنجێك لەسەر ڕاگەیێندراوی "بۆردی ڕاوێژکاری میدیایی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان 2015/3/19"

سڵاو بەرێزان ، هەوڵەکەتان بۆ بەرەنگاربکردنی جەنگێکی دەروونی کە میدیای دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) دژی کۆمەڵی "ڕۆژاوا" و عیراق و کوردستان و ئەوروپا..تد [illegible] بەرپابکردووە و هەروەها بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕای کوردی لە تەوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا تا نەبنە بەشێك لە میدیای دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) و "في سبيل الله" پاگەندە بۆ دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) نەکەن ، کارێکی فرە پێویست و گرنگە و دەستخۆشیتان لێ دەکەم.

بەڵام پێویستە ، ئەوەش بۆ خوێنەران و خۆتان ڕۆشنبێت ، ئێوە دوا کەسن ، کە لەم بارەوە بانگەوازدەکەن و کەوتوونەتە هەوڵدان و پێش ئێوە زۆر کەس لەم بارەوە قسەیانکردووە ، بەڕێز (عومەر محەمەد) یەکێکە لەو کەسە دیارانەی چەندین کەسی وەك منیش بە ئەرکی سەرشانی خۆمان هەستاوین. بەڵام ئەوە میدیای دەسەڵاتی بۆرجوازی [illegible] کورد خۆیەتی کە تاکی کوردی، بەو بێزانینە گۆشکردووە و کاناڵە کوردییەکان بەرخێیان لەسەر بڵاوکردنەوەی وێنە و تۆمارە ڤیدیۆییە پاگەندەییەکانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش)، نۆرەبرێدەکەن و هەروەها زۆرینەی ئەوانەی کە بوونەتە بەشێك لە میدیای دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی ئەندام و لایەنگری (پدک) و (ینک) و (لیستەکەی نەوشیروان)ن بە هەمانکاریی گروپە ئیسلامییەکانی هەرێمی کوردستان!

دووەم ، پێداگریی ئێوە لەسەر واژەی "شەهید" بۆ جیاکردنەوەی قوربانیانی دەستی چەکدارانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) لەتەك چەکدارانی ئەو هێزە فاشیستە زۆر نادروستە. چونکە بەپێچەوانەی تێڕوانین و پێداگیری ئێوەوە ، ئەو واژەیە هی ئیسلام و بزووتنەوە و خەلافەت و دەسەڵاتە ئیسلامییەکانە و دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) لەم ڕۆژگارەدا خاوەنی ڕەوا و ڕاستەقینەی ئەو واژەیەیە ، کە وەك واژە کوردیی نییە و وەك واتا و پشتەوانەی زمانەوانیی و پێشینەی کولتووریی واژەکە ، کوردیی نییە!

بەداخەوە ئێوە لەبەر دوو هۆ نەتانوێراوە ئەم پرسە یەکلابکەنەوە ، کە بە بۆچوونی من ، لەو بارەوە تەنانەت گروپە ئیسلامییەکانی کوردستان و (دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی)یش دژتان نەدەبوون و ترسی ئەگەرەکە ، ئەوەش جیاکردنەوەی (گیانبەختکردوو/ گیانبەخش / گیانفیدا)ی پاراستنی گەل و کۆمەڵی هەرێمی کوردستانە لە (شەهید) کوژراوانێك کە [illegible] لەپێناو چوونەبەهەشت و حۆریی پەری و تەوەژملی بەهەشت ، کیژۆڵانی مەسیحی و شەبەك و ئێزیدی و کاکەیی و شیعە دەکەنە کەنیزەك و لە بازارەکانی ڕەقە و موسڵ دەیانفرۆشن و پیاوان و منداڵان و ژنانی بەتەمەن کۆمەڵکوژدەکەن!

ئێوە ناتانوێت و ناتوانن ئەو پرسە یەکلاییبکەنەوە ، چونکە وابەستەی دەسەڵاتن و دەسەڵاتی بۆرجوازیی کورد وەك هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە پێویستی بە ڕۆڵی چەواشەکارانەی ئایین و فریودانی خەڵك بە بەهەشتی ئاسمانەکان هەیە ، تاوەکو خەڵك بوانێو سوکوت و نایەکسانی و نادادوەریی و گەندەڵی و چەپاوڵ و پاوانگەریی و بەفیڕۆدانی سامان و داهاتی کۆمەڵ و بەخشینی بە داگیرکەران ، نارەزایەتی دەرنەبڕێت و ئەوان لەسەر تەختی فیرعەونییان بمێننەوە!

ئەگەر ئەوە هۆکار نییە ، ئەدی چی دەتوانێت بکوژ و کوژراو ، داگیرکەر و داگیرکراو ، ستەمکار و ستەمدیدە ، داعش و "پێشمەرگە" لەیەك واژە "شەهید"دا کۆبکاتەوە ، چی ئێوە ناچار بە هەوڵدان بۆ قەدەغەکردن و دژبوونەوە و ڕەتکردنی واژەی (شەهید) لە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) دەکات ، لە کاتێکدا کە هەزار و چوارسەد و چواردە ساڵە ئەو واژەیە هی ئاڵاهەڵگرانی ئیسلامە و ئیسلامیش ئایدیۆلۆجیای داگیرکردنی وڵاتان و کوردستانەکەی ئێوەشە؟

****

خوێنەری هێژا ، بۆ خوێندنەوەی بۆردی ڕاوێژکاری میدیایی لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ، لەسەر ئەم لینکە کرتەبکە:

https://www.facebook.com/sulaymaniy.sandika

*********www.hejeen.wordpress.com ***********hejen@journalist.com *********